## کوردستان .. بێ چەوسانەوە و هەژاریی

# پارتی چەپی کوردستان

### پرۆژەی

# بەرنامە

## پێشەکی

به لەبەرچاوگرتنی قۆناغی هەستیاری هەنووکەیی گەلی کوردستان ، وەك پێویستییەکی مێژوویی به وەلامدانەوەی بارودۆخی پڕ تەنگژەی کوردستان له کێشه چینایەتی ، نەتەوایەتی ، نیشتمانیی ، ئابوری ، کۆمەلآیەتی و سیاسسیەکان ، پارتی چەپی کوردستان دروستبوونی خۆی ڕائەگەیەنێت.

له کاتێکدا که کوردستان له مەترسی و هەڕەشەی دوژمنان دەرباز نەبووه و چارەنوسی نادیاره! له هەمان کاتدا که چینی بەشمەینەتی گەلەکەمان خۆیان بەرهەمهێنەری سامانی کوردستانن ، بەلآم چەوساندنەوەی چینایەتی سەخت ، کاریگەریی بەسەر جەستەی زۆربەی زۆری چین و توێژه کۆمەلآیەتییەکانەوه زەقتر دەرئەخات. سامان له لایەك کەڵەکه ئەبێت و هەژاریی و برسییەتیش له لایەکی تر.

لەم ڕوانگەیەوه پارتی چەپی کوردستان لەسەر بنەما پێشکەوتنخوازییەکان ، ئازادییخواز و یەکسانییه مرۆڤایەتییەکان ، بەرنامەی کاری ئێستا و ئایندەی دائەڕێژێت و شێلگیرانه لەو پێناوەدا خەباتئەکات.

پارتی چەپی کوردستان جەختئەکاتەوه لەو مەترسیيانەی که له ڕێی گەل و نیشتمانەکەماندایه ، له ئاکامی سیاسەتی دوژمنکارانەی فەرمانڕەوایانی نەتەوه بالآدەستەکان که کوردستانیان پێوەلکێنراوه ، بۆیه بێوچان لەپێناوی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و بەدیهێنانی مافه ڕەواکانی گەلەکەیدا تێئەکۆشێت.

بێگومان بەبێ بەلاوەنانی ئەو مەترسییانەی که له لایەن مشەخۆر و گەندەڵکارانی ناو کۆمەڵگای کوردستانەوه سەرچاوەیان گرتووه که له پرۆسەی بەرهەمهێناندا ، نەك هەر بەشدارنین! بەڵکوو لەبەردەمیدا کۆسپن و لەسەر شانی خەڵکی هەژاریش ، تا دێت سەرمایەکانیان کەڵەکەئەکەن و پێشکەوتنه زانستیی ، کۆمەلآیەتی ، ئابوری و سیاسییەکانی کوردستانیش دوائەخەن و هۆکارن له بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بێبەرهەم و بێئامانجدا که به هۆیەوه ڕۆژانه ڕێژەی بێکاریی ، برسییەتی ، بێجێیی و گیانی نامۆبوون له پەیوەستبوونی هاوولآتییان به خاکی نیشتمانەوه برەوئەسێنێت و ناچاری کۆچ و کۆچڕەوییان ئەکات.

پارتی چەپی کوردستان وەك هەموو ڕێکخراوێکی تێکۆشەری بزوتنەوەی چەپی جیهان ، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئاسوده لەسەر بنەمای دیموکراتیی ، یەکسانیی و مرۆڤایەتی خەباتئەکات بۆ بەدیهێنانی مافه زەوتکراوەکانی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی تاك و نەتەوه ، بەرژەوەنده بالآکانیان له سەرووی بەرژەوەندی خۆیەوه ئەبینێت.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش ئامادەی هەموو جۆره هاوکاریی و هاوپەیمانییەکه لەگەڵ لایەنه ڕزگارییخواز و یەکسانییخوازەکانی ناوخۆ و ناوچەکه و جیهان ، لەسەر بنەمای هاوخەباتیی و ڕێزگرتن لەبەرامبەر.

**پارتی چەپی کوردستان تێئەکۆشێت لەپێناوی:**

**بەندی یەکەم**

**نەتەوەیی و نیشتمانیی:**

1- مافی بڕیاردانی چارەنوسی گەلی کوردستان بە پێکهێنانی قەوارەی سەربەخۆوە.

2- پشتگیریی و هاوخەباتیی گەلی کورد لە سەرتاسەری پارچەکانی تری کوردستاندا بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمان.

3- دیارییکردنی سنوری جوگرافیای کوردستان.

4- ئاساییکردنەوەی دیموگرافیای شێواوی کوردستان و گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی وەك (کەرکوك) و شوێنەکانی تر بۆ سەر سنوری ڕەسەنی خۆیان.

5- گێڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان و لە ئەنفال جێماوەکان بۆ سەر خاکی خۆیان و قەرەبووکردنەوەیان.

6- یەکسانیی مافی هاوولاتییبوون بۆ کوردە فەیلییەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان کە لە ئاکامی پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤێنیستییانەوە بەرامبەریان کراوە و دووچاری بوون.

7- دابینکردنی مافە نەتەوایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی کەمەنەتەوایەتییەکان لە کوردستاندا و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ پراکتیزەکردنی مافی ئاسایی خۆیان.

8- خوێندن بە زمانی زگماکی کەمەنەتەوایەتییەکان و کردنەوەی خوێندنگە و فێرگەی تایبەت بە خۆیان ، لەپاڵ ئەوەشدا زمانی کوردیی وەك زمانی سەرەکیی کوردستان بخوێنرێت.

9- پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان سەرجەم نەتەوە و ئایین و ڕێچکە ئایینییەکان و بەلاوەنانی زەبروزەنگ و توندوتیژیی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستاندا.

**بەندی دووەم**

**چین و توێژەکان**

**کارگەران:**

1- دانانی یاسای نوێ بۆ کار کە مافی کارگەران دابینبکات.

2- دابینکردنی کار بۆ هەموو هاوولاتییەك بەگوێرەی توانای هۆش و بازووی.

3- پاراستنی مافی کارگەران لە خۆڕێکخستن ، مانگرتن ، خۆپێشاندان و ناڕەزایی دەربڕیندا.

4- دیارییکردنی ماوەی کارکردنی ڕۆژانە و ڕێکخستنی چۆنیەتی کاری زیادە.

5- دامەزراندنی سەندیکای تایبەت بە کارگەران بە مەبەستی داکۆکییکردن لە مافە پیشەیی ، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیان.

6- ڕێکخستنی کرێ و موچە لە ڕۆژانی پشوودان و کاتی نەخۆشیی و لێقەوماوییدا.

7- یەکسانیی لە کرێ و موچەی کاری هاوچەشن لە نێوان ڕەگەز و تەمەنە جیاوازەکاندا.

8- دامەزراندنی دادگای باڵای کار کە دادوەران و کارمەندانی پسپۆری بۆ دابنرێت لە بواری کاردا ، تایبەت بە کار و کێشەی کارگەران و خاوەنکارەکان بێت.

9- ژینگەی کارگەکان پارێزراو و لەبار بن لە ڕووی کارەسات و تەندروستییەوە.

10- ڕەچاوکردنی هاتوچۆی کارگەران لە ماڵەوە بۆ سەر کار و بە پێچەوانەوە ، بە دابینکردنی هۆکانی گواستنەوە ، یان دیارییکردنی یارمەتی ماڵیی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

11- لەبەرچاوگرتنی پسپۆریی و درێژیی ماوەی خزمەتکردن لە کاتی بەرزکردنەوەی ئاست و کرێ و موچەدا.

## جوتیاران:

1- برەودانی زیادتر بە دابینکردنی پێویستییەکان و قەرەبووکردنەوە و پشتگیریی دارایی بۆ هاندانی جوتیاران بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان و ئاوەدانکردنەوەیان.

2- دەرکردنی یاسای نوێی چاککردنی کشتوکاڵیی کە مافە ڕەواکانی جوتیاران دابینبکات.

3- مافی دامەزراندنی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان پارێزراو بێت و لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگیرییان بکرێت.

4- پاککردنەوەی گوندەکان و دەوروبەریان لە مین و شوێنەوارە سەربازییە کوشندەکانی ڕژێمی پێشوو ، بۆ دڵنیایی جوتیاران.

5- بایەخدان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و بەرهەمە پەلەوەریی و ئاوییەکان و یارمەتیدانی جوتیاران لە پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بەرهەمەکانیاندا.

6- دابینکردنی ئامێر و پێویستیی تایبەت ، پەیینی کیمیایی ، تۆ و ڕێنمایی زانستییانەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی.

7- ساغکردنەوەی بەرهەمی جوتیاران لە لایەن دەوڵەتەوە.

## ئافرەتان:

1- بەتاوانکردنی ڕەشەکوژیی ئافرەتان لەژێر پەردەی ناموسپەرتییدا و سزادانی ئەو کەسانەی توندوتیژییان بەرامبەر ئەکەن.

2- قەدەغەکردنی بازرگانییکردن بە ئافرەت و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان کە مافەکانی ئافرەتی تیادا پێشێلئەکرێت.

3- یەکسانیی لە کرێ و موچە و کاردا لەگەڵ پیاودا.

4- دانانی یاسای نوێ و شارستانییانە بۆ باری کەسێتی و دابینکردنی ئازادیی و یەکسانیی لە بوارەکانی تری ژیاندا شانبەشانی پیاو.

5- پاراستنی مافی دایکایەتی و خەرجکردنی موچە و کرێی کار بۆیان لە کاتی مناڵبووندا.

6- بەخشینی مۆڵەتی بەموچەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کاتی مناڵبووندا.

## فەرمانبەران:

1- زیادکردنی موچە بەپێی ماوەی ساڵانی خزمەت ، پسپۆریی ، ئاستی خوێندن ، ژمارەی مناڵ و گرانیی بازاڕ و نزمبوونەوەی هێزی کڕین.

2- سنوردارکردنی موچەی فەرمانبەران و کاربەدەستە بەرزەکانی حکومەت.

3- دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا و بەگوێرەی شارەزایی و لێهاتوویی.

**هونەرمەندان و ئەدیبان:**

1- ڕێزگرتن لەتواناکانیان.

2- هاندانیان بۆ بەرهەمهێنان لە بوارەکانی خۆیاندا و  پشتیوانییکردنیان.

3- برەودان بە بەهرەکانیان.

**نابینان ، کەمئەندامان و کەنەفتان:**

1- یەکسانییان لە مافدا وەك هەر تاکێکی ئاسایی کۆمەڵ.

2- دابینکردنی پێویستیی و فێرگەی تایبەت بۆ ڕۆشنبیرکردن و پێشخستنی تواناکانیان.

3- دابینکردنی کار و سەرچاوەی ژیان بۆیان بەگوێرەی توانا جەستەییەکانیان و دابینکردنی بژێویان.

4- دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان.

**منالان:**

**مافیان بە یاسا پارێزراو بێت کە تیایدا:**

1- هەموو شێوەیەکی لێدان و سزادانیان قەدەغەبکرێت.

2- کارکردنی منالان قەدەغەبکرێت.

3- ژیانی منالانەیان بۆ هەموار بکرێت.

4- خستنەبەر خوێندنیان بەزۆر بێت.

5- شوێنی تایبەت بۆ بێسەرپەرشتیاران دابینبکرێت.

6- کردنەوەی دایەنگە و باخچەی ساوایانی شیاو و بەخۆڕایی.

7- دابینکردنی پێویستییەکانی تەندروستییان.

**لاوان و خوێندکاران:**

1- داڕشتنی سیستمی گونجاوی سەردەمییانە بۆ قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن.

2- دابینکردنی بەشی ناوخۆیی و خەرجکردنی دەرماڵە بۆ خوێندکاران.

3- بایەخدان بە کردنەوەی یانە و ناوەندە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێشخستنی ئاستی ڕۆشنبیریی و بەهرەوەرییان.

4- دروستکردنی ڕایەڵە و پەیوەندیی پتەو لەنێوان فێرکەر و خوێندکاراندا.

5- والاکردنی دەرگای زانکۆ و پەیمانگاکان بەپێی ئاستبەرزیی خوێندکاران  و بەبێ جیاوازیی.

6- بایەخدان بە خوێندنی مێژووی گەلی کوردستان.

7- بەخشینی سلفەی هاوسەرێتی و دابینکردنی ژیانی سەروەرانە بۆ لاوان لە پرۆسەی هاوسەرییدا و یارمەتیدانیان لە ڕووی مادیی و مەعنەوییەوە لە لایەن دەوڵەتەوە.

8- برەودان بە یاریگا وەرزشییەکان و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ جێبەجێکردن و پەرەپێدانی ئارەزووەکانیان.

**بەندی سێیەم**

**بەشی یەکەم**

**سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی:**

1- جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و قەدەغەکردنی دەستێوەردانی حیزبەکان لە کاروباری دەوڵەتدا.

2- سیستمێکی پەرلەمانیی ، فرەحیزبیی و دیموکراتیی کە دەسەڵات لە ڕێی هاونیشتمانییانەوە بە ئازادیی و بە دەنگدان ئاڵوگۆڕ بکات.

3- دەسەڵاتەکانی دادوەریی ، یاسادانان و جێبەجێکردن ، لە یەکتر جیابکرێنەوە.

4- مافە ئازادیی ، دیموکراتیی و سیاسییەکان دابینبکرێن.

5- جیاوازیی لەنێوان دەسەڵاتدار و هاووڵاتیی ئاساییدا نەمێنێت و وەك یەك لەبەردەم یاسادا یەکسان بن.

6- پاکتاوکردنی دەزگاکانی دەوڵەت لە گەندەڵیی و مشەخۆریی و نەهێشتنی بیرۆکراسیی و ڕوتین.

7- بە یاسا ، قۆرخکردنی سامانی کوردستان و بە کارهێنانی بۆ بەرژەوەندی حیزب ، قەدەغەبکرێت.

8- بودجەی دەوڵەت و چۆنیەتی خەرجکردنی ، بۆ گەل ئاشکرابکرێت.

9- بەرژەوەندەکانی گەل و چینە کەمدەرامەتەکان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندەکانەوە بن.

10- تەرخانکردنی بودجەیەکی ڕێکوپێك بۆ شارەوانییەکان لەپێناوی خزمەتگوزاریی گشتییدا و چاودێرییکردنی خەرجییەکان.

11- داڕشتنی بنەمایەکی تۆکمە بۆ پێکهێنانی دەزگایەکی بەرگریی بۆ داکۆکیی لە خاکی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژییە چاوەڕوانکراوەکانی دوژمنان و دیاریکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە و دور لە ململانێی حیزبیی و جیاوازیی ئایدیۆلۆجیی ، تەنیا دڵسۆزیی بۆ گەل و نیشتمان لەگەڵ توانا و لێهاتوویی پێوەربن بۆ پێکەوەنانی قەوارەکەی.

**بەشی دووەم**

**مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی:**

1- پاراستنی مافی مرۆڤ بەپێی یاساکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراو و ناوەندە مرۆڤایەتییەکان.

2- یەکسانیی لەنێوان هاووڵاتییانی کوردستاندا بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوون ، ئایین ، ڕەگەز و نەتەوە.

3- هەموارکردنی ژیان و دابینکردنی بژێو بۆ هەژاران و بێنەوایان.

4- بایەخدان بە بواری تەندروستیی و پەرەپێدان و کردنەوەی دەزگا تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکان.

5- دابینکردنی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکان و لایەنەکانی تری بواری تەندروستیی بە خۆڕایی.

6- دانانی یاسای گونجاو بۆ ماڵنشینکردن بە ڕەچاوکردنی تەواوی مافەکانی ماڵنشینان.

7- گرنگییدان بە کردنەوەی ناوەندی نیشتەجێبوون بۆ پیر و بەساڵاچووان و سەرپەرشتییکردنیان لە لایەن پسپۆران و کەسانی شارەزاوە.

8- بەشارستانییکردنی کۆمەڵگا و دانانی یاسای سەردەمییانە کە گونجاو بێت بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا.

9- چارەسەرکردنی کێشەی کرێنشینیی و دیاریکردنی کرێخانوو.

10- بایەخدان بە کردنەوەی خانووبەرە و کۆمەڵگەی نیشتەجێیی بۆ کەمدەرامەتان بەرامبەر بە کرێی گونجاو.

11- دانانی یاسا بۆ زامنی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم هاووڵاتییان.

12- مافی بێکاران و دابینکردنی بژێویان مسۆگەر بکرێت و دەزگای تایبەتیی بۆ خستنەسەرکاریان دروستبکرێت.

13- پێشمەرگەی دێرین و زیندانیی سیاسی و تێکۆشەرە نهێنییەکانی قۆناغی خەباتی بەرەنگاربوونەوە ، ژیانیان دابینبکرێت.

14- سڕینەوەی شوێنەواری ئەنفالە بەدناوەکان و کۆمەڵکوژیی و کیمیابارانەکانی ڕژێمی پێشوو ، لەسەر بنەماڵەکانی پاشماوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕابوردوو ، هەروەها قەرەبووکردنەوەیان بە هەموو شێوەیەك.

## بەشی سێیەم

### ئابوری ، پیشەسازیی و کشتوکاڵ:

1- دانانی یاسای تایبەت بۆ بازاڕی ئازاد و دیارییکردنی سنوری چالاکیی ئابوری کەرتی تایبەت.

2- گرنگییدان بە کەرتی گشتیی و پێشخستنی و ڕێگەگرتن لە بەتایبەتییکردنی کەرتە خزمەتگوزارییە گشتییە گرنگەکان.

3- قەدەغەکردنی چالاکیی ئابوری مشەخۆریی و سزادانی ئەنجامدەرانی.

4- دانانی یاسا بۆ ڕێکخستنی چالاکیی بازرگانیی دراو لە بازاڕ و لە بانکەکاندا.

5- گرنگییدان بە پرۆژە ئاوەدانییەکان.

6- کردنەوەی کارگەی بەرهەمهێنەر و خستنەگەڕی هێزی کاری خۆماڵیی تیایاندا.

7- ڕێگەنەدان بە فرۆشتن و بەخشینی زەویوزاری خاکی نیشتمان بە کۆمپانیا و لایەنە بێگانەکان.

8- ڕێکوپێککردنی سیستمی شیاوی باج و خەرجکردنی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دەوڵەت و شارەوانییەکان.

9- گرنگییدان بە دابینکردنی وزەی نیشتمانیی (سوتەمەنی و کارەبا) بە بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی گشتیی.

10- برەودان بە جیۆلۆجیای کوردستان و گەڕان بە دوای کانزاکان و بەکارهێنانیان لەپێناوی بوژاندنەوەی ژێرخانی گشتییدا.

11- بنیاتنانی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و دامودەزگای دەوڵەتیی بۆ دابینکردنی ئامێرە پێویستەکان بۆ کارئاسانیی کشتوکاڵ و زیادکردن و باشترکردنی بەرهەمەکان.

12- پشتگیریی بەروبومی کشتوکاڵی خۆماڵیی و یارمەتیدانی جوتیاران لە گەیاندن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکاندا.

13- بوژاندنەوەی ئابوری کشتوکاڵیی بە:

أ- کردنەوەی کارگە لەپێناوی ساغکردنەوە و پاراستنی بەرهەمە کشتوکاڵیی و ئاژەڵییەکاندا ، وەك: کارگەکانی دار و تەختە و مافور و کوتاڵ و چەرم و لە قوتوونان (تعلیب).

ب- کڕینەوەی بەرهەمی جوتیاران کە هۆکارێکی بنچینەیی هاندانی بەرهەمهێنانی زیادتری جوتیارانە.

ج- دابینکردنی پێویستییەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ ، پەلەوەر و ماسی و هاوکارییکردنی دەوڵەت لە قەلاچۆکردنی ئەو نەخۆشیی و هۆکارانەی کە بە هۆیانەوە توشی لەناوچوون ئەبن.

14- گرنگییدان بە ئاساییشی ئابوری بۆ بەرگرتن لە گەمەکردن بە نرخەوە و گرانیی و قۆرخکردنی بازاڕ و بوارەکانی تری بازرگانیی لە لایەن سەرمایەدارانەوە.

**بەندی چوارەم**

**سروشت و ژینگە**

1- لەو ڕوانگەیەوە کە مرۆڤ بەشێکی گرنگە لە سروشت ، ئەبێت بە بایەخێکی زۆرەوە سروشت و ژینگەی وڵاتمان بپارێزین.

2- ژینگەیەکی تەندروست بهێنرێتەدی ، بە پاکڕاگرتنی سەرچاوە ئاوییەکان و برەودان بە باخ و دارستانەکان و پاراستنی پەلەوەر و گیاندارە کێوییەکان.

3- یاسای تایبەت دابنرێت بۆ سزادانی ئەوانەی بێ سنور و بێ مۆڵەت:

أ- گیاندارە کێوییەکان ڕاوئەکەن.

ب- دارستانەکان ئەبڕنەوە و ئەسوتێنن.

ج- لە وەرزی زاوزێدا ماسی و گیاندارە ئاویەکان کۆکوژئەکەن.

4- گرنگییدان بە بەنداوەکانی دوکان ، دەربەندیخان و گشت سەرچاوە ئاوییەکان و چۆنیەتی پاشەکەوتکردنی زانستییانەی ئاوەکان.

5- داڕشتنی سیاسەتێکی ئاویی زانستییانە بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان.

6- بایەخدان بە بواری گەشتیاریی و خزمەتکردنی ناوچە گەشتوگوزارییەکان بە مەبەستی زیادکردنی سامانی نیشتمانیی.

7- دانانی ناوچە گەشتوگوزارییەکان بە موڵکی گشتیی و ڕێگەگرتن لە پاوانکردنی هاوینەهەوارەکان بۆ خزمەتی تایبەتیی حیزب و کەسانی دەسەڵاتدار.

8- پیادەکردنی سیستمێکی شارستانییانەی هاوچەرخ بۆ ئاو ، ئاوەڕۆ و زێراب ، کۆکردنەوەی زبڵ و پاشەڕۆ و گێڕانەوەی زۆربەی ماتێریالەکان بۆ ناخی زەوی.

9- تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان و خزمەتگوزاریی باخەوانیی و ڕازاندنەوەی شوێنە گشتییەکان و کردنەوەی باخچەی گشتیی لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکاندا.

10- ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لە نێوان شارەکاندا ، لەپێناوی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەوتۆمۆبیل و کەمتر پیسکرنی هەوا و ژینگە.

11- پیادەکردنی سیاسەتی بەسەوزکردنی وڵات.

12- ڕاگرتنی کاریگەریی نێگەتیڤییانەی پاشەڕۆی کارگە و چالاکییە پیشەسازییەکان کە ژینگە پیسئەکەن.

13- کردنەوەی هاوینەهەواری زیادتر لە شوێنە شیاوەکاندا.

**بەندی پێنجەم**

**بەشی یەکەم**

**پەروەردە ، فێرکردن و پێگەیاندن**:

1- قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریی و بەخوێندەوارکردنی سەرجەم هاوولاّتییان.

2- خوێندنی بەزۆر تا قۆناغی ناوەندیی ، واتە 9 ساڵ خوێندن بەزۆربێت.

3- بەخۆڕاییکردن و دابینکردنی پێویستییەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

4- ئەبێت لە هەموو قۆناغەکاندا خوێندن بە زمانی دایك (کوردیی) بێت ، جگە لەو هاونیشتمانییانەی کە سەربە نەتەوەکانی ترن و ئەیانەوێت بە زمانی زکماکی خۆیان بخوێنن.

5- لەپاڵ زمانی دایکدا ، زمانی دووەم ، زمانێکی دانپێدانراوی جیهانیی بخوێنرێت.

6- پاککردنەوەی بەرنامەی پەروەردە لە پاشماوەی ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی پێشوو.

7- سودوەرگرتن لە بەرنامەی پەروەردە و خوێندنی ولاّتە مرۆڤدۆستەکان و پێشکەوتنخوازەکان.

8- خوێندنی تێکەڵی کوڕان و کچان لە گشت قۆناغەکاندا.

9- مسۆگەرکردنی دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان لە کاری دەوڵەتییدا و ناردنی پێشکەوتووانی خوێندن بۆ دەرەوەی ولاّت بۆ خوێندنی بالاّ لەسەر بودجەی دەوڵەت.

10- هاندانی کارمەندانی بواری پەروەردە و خوێندن بە باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان و دابینکردنی پێویستییەکانیان.

11- بایەخدان بە زمانی کوردیی و دانانی فەرهەنگێکی نوێی کوردیی یەکگرتوو.

12- برەودان بە کاری وەرگێڕان و نوسینەوەی مێژووی گەلەکەمان.

13- برەودان بە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا.

14- قەدەغەکردنی دیاردەی وەرگرتنی تایبەت لە کۆلێج و پەیمانگاکان بە بێ شایستەیی و ڕەچاوکردنی ئاست و لێهاتوویی و نمرە و بەڵگەنامە.

**بەشی دووەم**

**کەلتور و ڕۆشنبیریی**:

1- گرنگییدان بە کەلتور و کەلەپوری نەتەوەیی ، شوێنەوار و مۆزەخانەکان و دابینکردنی پێویستییەکان بۆ پاراستنی گەنجینە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانمان و ناساندنی کەلەپور و مێژووی گەلەکەمان بە گەلانی جیهان.

2- ڕێزگرتن لە کەلتور و کەلەپوری نەتەوەکانی تری کوردستان و یارمەتیدانیان لە پاراستن و گەشەپێدانیدا.

3- کردنەوەی خوێندنگە و فێرگەی هونەریی و ڕۆشنبیریی بۆ کۆکردنەوەی تواناکان و گەشەکردنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەریی و ڕۆشنبیریی بەهرەمەندان.

4- ئازادیی بیروڕا دەربڕین ، ڕاگەیاندن و سەربەخۆیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

5- ڕێزگرتن لە کارمەندانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان وەك چاودێرێك بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە.

6- شوێنەوارناسیی وەك پرۆگرامی خوێندن بایەخی پێبدرێت و شوێنەوارناسان و پسپۆران لەم بوارەدا بخرێنەگەڕ و ژیانێکی پیشەیی باش و شایستەیان بۆ هەموار بکرێت.

7- بایەخدان بە پاراستنی شوێنەوارە دێرین و مێژووییەکانی کوردستان و نوێکردنەوەیان.

**بەندی شەشەم**

## هاوپەیمانیی و پەیوەندییەکان

1- هاوپەیمانیی و پتەوکردنی پەیوەندییەکان ، ستراتیجیی سیاسەتمانە لەگەڵ هەموو لایەنە چەپ و پێشکەوتنخوازەکاندا کە لەپێناوی چین و توێژە چەوساوە و کەمدەرامەتەکاندا تێئەکۆشن.

2- پێکهێنانی بەرەیەکی چەپ لە کوردستاندا پێویستییەکی هەنووکەییە و هەموو تواناکان ئەخەینەگەڕ لەو پێناوەدا.

3- ڕێز و هاوتایی پێوەری پەیوەندیی و هاوپەیمانییمانە.

4- هەر پەیوەندییەکی ترمان لەگەڵ لایەنە جیاجیاکانی تردا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی و سنوری نیشتمانە.

5- پەیوەندیی و هاوکاریی بەهێز لەگەڵ لایەنەکانی تری پارچەکانی کوردستاندا کە تێئەکۆشن بۆ ڕزگاریی نیشتمانیی ، بە ڕەوا و ئەرکی سەر شان ئەزانین.

6- هەموو جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ لایەن و گروپە توندڕەوە سەلەفیەکاندا ڕەتئەکەینەوە.